Australian Government

Department of Home Affairs

# Privacy notice

# ئاگاداری نهێنیپارێزیی

Form
1442i KUR
KURDISH

Department of Home Affairs (the Department) (وەزارەتی کاروباری ناوخۆ (وەزارەت)) هێزەکانی سنوری ئوسترالیاش دەگرێتەوە. بەپێی *Privacy Act 1988* (Privacy Act) (کارنامەی نهێنیپارێزیی ١٩٨٨ (کارنامەی نهێنیپارێزیی)) دەبێت وەزارەت هەرکاتێک ویستی زانیاری لەسەر کەسێک کۆبکاتەوە ئەوە پێشتر کەسەکە لە چەند پرسێکی پەیوەندار ئاگاداربکاتەوە. ئەم فۆرمە ئاگادارییەکە لەو پرسە پەیوەندارانە.

## ئایا مەبەست لە زانیاریی کەسیی چییە؟

کارنامەی نهێنیپارێزیی دەڵێت زانیاری کەسیی بریتییە لە زانیاری یان دیدو بۆچوونێک لەسەر کەسێک کە تارادەیەکی چاک بەو زانیاریانە بناسرێتەوە.

وەزارەت هەندێ زانیاری کەسیی هەستیاریش لەلای خۆی کۆدەکاتەوە، کە بەپێی کارنامەی نهێنیپارێزیی (Privacy Act) دیاریکراون، کە دەکرێت ئەمانە لەخۆبگرێت: ڕەچەڵکی نەتەوەییو ڕەگەز، ئاراستەو مەیلو پراکتیزی سێکسیی، تۆمارو ڕابردوی تاوانکاری، زانیاری تەندروستیی، زانیارییە بایۆمیتریکەکان (biometrics)، ئەندامیەتیی لە ڕێکخراوە پیشەییەکان، پەیوەندیو باوەڕی ئاینیی، باوەڕە فەلسەفییەکان، لەگەڵ ئەندامیەتیی لە ڕێکخراوە سیاسییەکان.

سەرەکیترین بەش لەو یاساو ڕێسایانەی کە لەلایەن وەزارەتەوە بەڕێوەدەبرێن بریتین لە *Migration Act 1958* (کارنامەی کۆچبەری ١٩٥٨ (کارنامەی کۆچبەری))، *Customs Act 1901* (کارنامەی گومرگ ١٩٠١ (کارنامەی گومرگ ١٩٠١))، *Immigration (Guardianship of Children) Act 1946* (کارنامەی کۆچبەری (چاودێریی منداڵان) ١٩٤٦ (کارنامەی IGOC)) و *Excise Act 1901* (کارنامەی میرانە/ڕسومات ١٩٠١ (کارنامەی میرانە))، *Australian Border Force Act 2015* (کارنامەی هێزەکانی سنور ٢٠١٥ (کارنامەی هێزەکانی سنور))، *Maritime Powers Act 2013* (کارنامەی دەسەڵاتە دەریاییەکان ٢٠١٣ (کارنامەی دەسەڵاتە دەریاییەکان))، لەگەڵ *Australian Citizenship Act 2007* (کارنامەی ناسنامەی ئوسترالی ٢٠٠٧ (کارنامەی ناسنامەی ئوسترالی)).

## ناسینەوە کەسییەکان

کارنامەکانی کۆچبەری و ناسنامە (Migration and Citizenship Acts) چەند بڕگەیەک لە پەیوەند بە کۆکردنەوەو هەڵگرتن و بەکارهێنانی زانیارییەکان و دانیان بەلایەنەکانی دیکە لەخۆدەگرن بە زانیارییە هەستیارەکانی وەک زانیارییە بایۆمیتریکیەکان (biometrics) یشەوە (ئەو زانیاریانەی وەک ‘ناسینەوە کەسییەکان’، personal identifiers، ناسراون ).

بەپێی کارنامەکان زانیاری ناسینەوە ئەمانە دەگرێتەوە:

- پەنجەمۆر و مۆری دەست
- وێنەی دەموچاو و شانەکان
- تۆماری ڤیدیۆیی یان دەنگیی (تەنیا بۆ پرسە پەیوەندارەکان بە کارنامەی کۆچبەری و لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا)
- پێوانەی کێش و درێژیی
- سکانی ئێریس (iris scan)
- واژۆ/ئیمزای کەسەکە
- هەر هۆکارێکی دیکە بۆ ناسینەوە کە لە ڕێنماییەکاندا هاتووە.

زانیارییە بایۆمیتریکیەکان (biometrics) (ناسینەوە کەسییەکان) لەوانەیە لەو کاتانە یان لەو کەسانەی خوارەوە وەربگیرێن و/یان پشتڕاستبکرێنە:

- لە فرۆکەخانەکان کاتی سەفەرکردن
- بۆ داواکردنی ڤیزە لەناو ئوستراليا (بە داواکردنی ڤیزەی پاراستن (protection visa) یشەوە).
- ئەوانەی کە هاوڵاتی نینو لەنێو خەڵکدا دەژین لە ئوستراليا
- ئەوانەی کە گلدراوەی کۆچبەریین (immigration detainees)
- ئەوانەی داوای ناسنامەی ئوسترالی دەکەن.

## ئایا وەزارەت چ لە زانیارییەکانی پەیوەندیکردن دەکات؟

ئەرکی وەزارەتە کە سنورەکانی ئوستراليا بپارێزێت و کاروباری جوڵەو هاتوچۆی خەڵك و کەلوپەلەکان بەسەر سنورەکاندا بەڕێوەبەرێت، ئەویش لەڕێگەی بەشداریکردنو دڵنیابوون لەمانە:

- دواڕۆژی ئوستراليا لەڕێگەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆچ و کۆچبەری
- پاراستنی پەنابەرەکان ئەویش لەڕێگەی بەشداریکردنی لە سیاسەتو بەرنامە ئینسانییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی
- ئاسایشی ئوستراليا ئەویش لەڕێگەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی سنورو ئاسانکاری بۆ هاتوچۆکەران
- کۆکردنەوەی داهاتەکانی سنور و ئامارەکانی بازرگانی
- کارئاسانیکردن بۆ بازرگانی ڕێگەپێدراو و شەرعی
- ئاسایشی دەریایی ئوسترالییو بەرژەوەندییە بازرگانییەکان
- جێبەجێکردنی یاساکانی کۆچ و کۆچبەری و دڵنیابوون لە دەستپاکی لە بڕیارداندا
- بەڕێوەبردنی یاساکانی ناسنامەی ئوسترالی.

ناونیشانی تەواو بۆ پەیوەندیکردن بە وەزارەت لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەستدەکەوێت **www.homeaffairs.gov.au**

ئەگەر پێتوایە کە بە هەڵە یان بە خراپ مامەڵەمان لەگەڵ زانیارییەکانی تۆ کردوە، ئەوە دەتوانی:

- فۆرمی سەرنج و تێبینی لەسەر ئینتەرنێت لەم ماڵپەڕە **www.homeaffairs.gov.au/feedback** پڕبکەیتەوە
- نامە بنوسیت بۆ:
  The Manager
  Global Feedback Unit
  GPO Box 241
  Melbourne VIC 3001
  Australia

## وەزارەت لە کوێ زانیاریی کەسی دەربارەی تۆ کۆدەکاتەوە

بەگشتی ، وەزارەت (یان ئەو کۆنتراکتەرانەی لە جیاتی ئەو خزمەت پێشکەشدەکەن) دواتر ڕاستەوخۆ زانیارییە کەسییەکان لەسەر تۆ کۆدەکاتەوە، یان کەسێکی دیکە کە تۆ ڕێگەتپێدابێت ببێت بە وەکیلی تۆ یان سیستەمێکی ڕێگەپێدراو وەک چۆن پێناسەکراوە بەپێی کارنامەی کۆچبەری (Migration Act). سیستەمێکی ڕێگەپێدراو سمارتگەیت (SmartGate) دەگرێتەوە یان هەر سیستەمێکی پشکنینی ئۆتۆماتیکی سنورەکان. لەوانەیە ئێمە زانیارییە کەسییەکانی سەر تۆ لە لایەنێکی دیکەوە کۆبکەینەوە، کە لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە: دامودەزگا حکومییەکانی ئوستراليا، سپۆنسەرەکانی (کەفیلەکانی) تۆ، فەرمانبەرانی تەندروستی، ئەو ڕێکخراوانەی کە تۆ ئاماژەت پێکردون، خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە، ئەو خاوەنکارو خەڵکانەی کە پەیوەندیان بە وەزارەتەوە کردوە زانیارییان لەسەر تۆ پێشکەشکردوە (وەک 'زمانلێدان').

### ئەو لایەن و کۆنتراکتەرانەی کە خزمەتگوزاری کۆچبەری پێشکەشدەکەن

هەندێک لایەنی حکومی ڕێگەپێدراو زانیاریی کەسی لەسەر تۆ کۆدەکەنەوەو بەکاریشیاندێنن لەجیاتی ئێمە، ئەویش بۆ ئەنجامدانی هەندێک لە کارەکانی وەزارەتەکەمان.

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2020

زانیارییە کەسییەکان لەلایەن هەندێک کۆنتراکتەریش لەجیاتی ئێمە کۆدەکرێنەوەو بەکاردێن. نموونەی ئەم لایەنانە دەکرێت نوێنەری هێڵە ئاسمانییەکان بێت لە پرۆسەی پێش سەفەرت بۆ هاتن یان دەرچوونت، سیستمە کۆمپیوتەرییەکان، توێژینەوەو پرسیارەکانی چاوپێکەوتن، ئەو خزمەتگوزارییانەی کە خزمەت پێشکەش بە دەستبەرسەرکراوەکانی وەزارەتی کۆچبەری دەکەن لەگەڵ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

وەزارەت جێبەجێکردنی کارنامەی نهێنیپارێزی بەسەر کۆنتراکچییەکانی خۆشی دەسەپێنێت، جا نوسینگەکانیان لە ئوسترالیا بێت یان لە دەرەوە.

## کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییەکانی تۆ ئەوانەی بەپێی یاسا داواکراون یان ڕێگەپێدراون

کارنامەی کۆچبەری (Migration Act)، کارنامەی IGOC، کارنامەی گومرگ (Customs Act)، کارنامەی میرانە/ڕسومات (Excise Act)، کارنامەی دەسەڵاتە دەریاییەکان (Maritime Powers Act)، لەگەڵ کارنامەی ناسنامە (Citizenship Act) و کارنامەی نهێنیپارێزی (Privacy Act) ڕێگەدەدەن، لە هەندێک حالەتیشدا داوادەکەن، بە وەزارەت کە هەندێک زانیاریی کەسیی کۆبکاتەوە بەمەبەستی وەگەڕخستنی کارنامەکان.

### کارنامەی کۆچبەری

لە پەیوەند بە داخوازییەکانی ڤیزا، وەزارەت:

- ڕێگەپێدراوە هەر زانیارییەک پەیوەندی بە داخوازییەکەوە هەبێت کۆبکاتەوە (تەماشای بڕگەی ٥٦ لە کارنامەی کۆچبەری بکە)، هەروەها
- لەوانەیە داواتلێبکات کە ناسنامەیەک بۆ ناسینەوەت پێشکەش بکەیت (تەماشای بڕگەی ٤٠ و ٤٦ لە کارنامەی کۆچبەری بکە).

داخوازیکەرانی ڤیزە، هەندێکیش لەو کەسانەی کە ڤیزەیان هەیە، لەسەریانە کە وەزارەت ئاگاداربکەنەوە لە هەر گۆڕانکارییەک کە بەسەر حالەتیاندادێت یان هەر زانیارییەکی نادروست کە داویانە بە وەزارەت لەسەر فۆرمی داخوازی (بڕگەی ١٠٤ و ١٠٥ لە کارنامەی کۆچبەری).

وەزارەت لەوانەیە داوای دانەیەک، یان زیاتر، لە دۆکیومێنتەکانی ناسینەوەت لێبکات بۆ مەبەستو پێویستییەکانی کارنامەی کۆچبەرو ڕێوشوێنەکانی کۆچبەری ١٩٩٤.

کاتێک کە دێیتە ناو ئوسترالیا، ئەوکات وەزارەت داواتلێدەکات کە هەندێک زانیاریی تایبەت لەسەر خۆت بەوان بدەیت (بۆنموونە پاسپۆرت بۆ ئەوانەی کە هاوڵاتین، لەگەڵ دۆکیومێنتێکی ناسینەوە یان ڤیزە بۆ ئەوانەی کە هاوڵاتی ئوسترالی نین). ئەگەر تۆ هاوڵاتی ئوسترالی نەبیتو دۆکیومێنتی ناسینەوە نیشاننەدەیت، ئەوە ڕێگەتپێنادرێت کە بێیتە ناو ئوسترالیا (تەماشای بڕگەی 257A لە کارنامەی کۆچبەری بکە).

کاتێک لە ئوسترالیا دەردەچیت، ئەوە وەزارەت داواتلێدەکات کە دۆکیومێنتێک پێشکەش بکەیت کە تۆی پێ بناسرێتەوە (تەماشای بڕگەی 257A لە کارنامەی کۆچبەری بکە).

بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی نا-هاوڵاتیی و نایاسایی، ئەوە وەزارەت لەوانەیە داوای:

- بەڵگەی ناسنامەو ڤیزەت لێبکات، لەوانە دۆکیومێنتی ناسینەوەی کەسیی (تەماشای بڕگەی ١٨٨ بکە لە کارنامەی کۆچبەری)
- دۆکیومێنت یان زانیاری لە کەسێک بکرێت لە پەیوەند بە ناسنامەکانی یان شوێنی نیشتەجێبوونو ژیانی کەسەکە ئەگەر گومانی لێبکرێت کە نا-هاوڵاتییەکی نایاساییە (تەماشای بڕگەی ١٨ لە کارنامەی کۆچبەری بکە).

هەر کەسێک لە سەنتەرەکانی گلدانەوەی کۆچبەری (immigration detention) بێت دەبێت دۆکیومێنتەکانی ناسینەوەی خۆی پێشکەشبکات (تەماشای بڕگەی ٢٥٨ و 261AA(1) لە کارنامەی کۆچبەری لەگەڵ ڕێنمایی ژمارە ٣,٣٠ لە ڕێنماییەکانی کۆچبەری بکە).

لە پەیوەند بەو کەسانەی کە لەلایەن خاوەنکارێکەوە سپۆنسەرکراون، ئەوە وەزارەت و Fair Work Ombudsman (FWO) (ئۆمبەدسمانی کاری ڕەوا (FWO)) لەوانەیە بەپێی دەسەڵاتەکانیان سەرپشکراو بەپێی ژێر-بەشی F لە پارچەی 3A لە بەشی ٢ لە کارنامەی کۆچبەری زانیاریی کەسیی کۆبکاتەوە.

بەمەبەستی بەرجەستەکردنی دەسەڵاتی پشکنین وەک ئەوەی لە بڕگەی ٢٥٢ لە کارنامەی کۆچبەریی (Migration Act) دا هاتووە، فەرمانبەرێکی مۆڵەتپێدراو دەتوانێت دۆکیومێنتێک یان هەر شتێکی دیکە کە لای کەسەکە بینرابێت یان لە ماڵی کەسەکە دۆزرابێتەوە لای خۆی گلبداتەوە، لەوانە بۆنموونە، بەڵگەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڤیزەی کەسەکە.

فەرمانبەرەکە دەتوانێت دۆکیومێنتە ساختەکان گلبداتەوە، ئەوانەی کە دەستیان بەسەردا گیراوە (بڕوانە بڕگەی 487ZJ، لەگەڵ پارچەی ١ لە بەشی ٩ لە کارنامەی کۆچبەریی لەپەیوەند بە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆکیومێنتەکان)

### کارنامەی ناسنامە

وەزارەت لەوانەیە کۆمەڵێک زانیاریی کەسیی کۆبکاتەوە تاوەکو دڵنیابێت لەوەی کە کەسەکە پێداویستییەکانی وەرگرتنی ناسنامەی جێبەجێکردووە.

ئێمە ڕێگەمانپێدراوە کە داوای دۆکیومێنتی ناسینەوەی کەسیی بکەین لە پەیوەند بە داخوازییەکانی ناسنامە، هاوکات داخوازییەکەت قەبوڵناکرێت ئەگەر کەسە بڕیاردەرەکە دڵنیانەبێت لە شوناست (تەماشای پارچەی ٥ لە بەشی ٢ لەگەڵ بڕگەی 17(3)، 19D(4)، 24(3) و 30(3) لە کارنامەی ناسنامە بکە).

نوێنەرەکە دەتوانێت دۆکیومێنتە ساختەکان گلبداتەوە، ئەوانەی کە دەستیان بەسەردا گیراوە (بڕوانە بڕگەی 45B، لەگەڵ پارچەی ١ لە بەشی ٣ لە کارنامەی ناسنامە (Citizenship Act) بەوانەشەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆکیومێنتەکان دەکرێن).

### کارنامەی IGOC

بەپێی *Immigration (Guardianship of Children) Act 1946* (کارنامەی کۆچبەری (چاودێریی منداڵان) ١٩٤٦ (کارنامەی IGOC)) لەگەڵ ڕێنماییەکانی، وەزیری کۆچبەری سەرپەرشتیاری ئەو هەرزەکارە بێ کەسوکارانەیە کە هاوڵاتی ئوسترالی نین، مەبەست ئەوانەیە کە دەگەنە ئوسترالیاو هاوڕێی دایکوباوکیان یان خزمێکی تەمەن ٢١ ساڵی یان زیاترنین (ئەوانە وەک IGOC ناسراون).

بۆ هاوکاریکردن بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەرک و بەرپرسیارییەکانی سەرپەرشتیاریی، ئەوە کارنامەی IGOC ڕێگەدەدات بە وەزیر کە دەسەڵاتە سەرپەرشتیارییەکانیو وەزیفەکانی بدات بە فەرمانبەرانی حکومەتی فیدراڵیو حکومەتەکانی ویلایەتەکانو هەرێمەکان تاوەکو نوێنەرایەتی ئەو بکەن (ئەمەش بەنوێنەرایەتی دەسەڵاتەکان delegated guardians ناسراوە). کەسایەتیو ڕێکخراوە ئارەزومەندەکانو گونجاوەکانیش دەکرێت وەک سەرپەرشتیاریی هەرزەکارەکانی IGOC دیاریبکرێن. بەگشتی سەرپەرشتیارەکان مافو ئەرکیان هەیە لە بڕیاردان لەپەیوەند بە چاودێریکردنی ڕۆژانەیان و کۆنترۆڵکردنی ئەو منداڵانەی کە لە ژێر چاودێرییاندان.

بۆ دڵنیابوون لە چاودێرییو ساغوسەلامەتی ڕۆژانەی منداڵەکان بەگوێرەی کارنامەی IGOC، ئەوە وەزارەت زانیاری کەسیی لەسەر هەرزەکارەکانی IGOC و سەرپەرشتیارەکانیان کۆدەکاتەوە. بۆ دڵنیابوونیش لەوەی کە پێویستییەکانی چاودێرییو ساغوسەلامەتی ڕۆژانەی هەرزەکارەکانی IGOC فەرهامکراون، وە لەژێر ڕۆشنایی کارنامەی نهێنیپارێزی، وەزارەت لەوانەیە ئەو زانیارییە کەسییانەی کە کۆیکردونەتەوە بدات بەم لایەنانە یان زانیاریان لێوەرگرێت:

- دەسەڵاتدارانی ویلایەتەکان/هەرێمەکان، بە ڕێکخراوەکانی ساغوسەلامەتی منداڵانیشەوە
- نوێنەرە ڕێگەپێدراوەکان
- سەرپەرشتیارەکان
- دایکوباوکان، چاودێریکەران، و/یان خزمەکانیان، و/یان
- دامەزراوە حکومییە ئوسترالییەکان.

### کارنامەی گومرگ و کارنامەی میرانە/ڕسومات

وەزارەت ڕێگەپێدراوە کە چەندین زانیاری کەسییو بیزنسیی لە پەیوەند بە بەڕێوەبردنی کارنامەکانی گومرگو میرانەو یاسا پەیوەندارەکانی دیکەی ئوسترالیی کۆبکاتەوە (بە کارنامەی کۆچبەریو یاساکانی 'باج'یشەوە). وەزارەت ئەم زانیاریانە کۆدەکاتەوە بەتایبەتی بۆ کەڵک لێوەرگرتن بەمەبەستی پاراستنی سنورەکانی ئوسترالیاو دڵنیابوون لە کۆکردنەوەی داهاتەکانی سنور.

لە هەندێک حالەتدا، ئەو فۆرمانەی کە زانیارییە کەسییەکانیی تۆی تێدا کۆدەکرێنەوە، کە پەیوەندیان بەو پرسانەوە هەیە کە لە دەرئەنجامی کارنامەکانی گومرگو میرانەو یاساکانی باج دەردەکەون، ئەوانە لەوانەیە تێبینیو نامەی تایبەت لەخۆبگرن. فۆرمەکان زانیاری وردت پێدەدەن لەپەیوەند بە کۆکردنەوەو بەکارهێنانو دانی زانیارییە کەسییەکان بە لایەنی دیکە، ئەوانەی لەو دۆکیومێنتانەدا کۆکراونەتەوە، دەبێت لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێبینییە نهێنیپارێزە بخوێنرێنەوە.

بۆنموونە، بەپێی بڕگەی 64ACA و 64ACB لە کارنامەی گومرگ، وەزارەت لەسەریەتی کە زانیارییە کەسییەکانی موسافیرەکانو تاقمی هەموو ئەو کەشتیو فڕۆکانەی دەگەنە ئوسترالیا کۆبکاتەوە، ئەمەش بەمەبەستی بەڕێوەبردنو جێبەجێکردنی کارنامەی گومرگو کارنامەی کۆچبەریو یاساکانی دیکە.


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2020

## کارنامەی دەسەڵاتە دەریاییەکان

وەزارەت ڕێگەپێدراوە کە لەکاتی پراکتیزکردنی دەسەڵاتە دەریاییەکانی لەڕێگەی لایەنە بەرپرسەکان لە سەپاندنی یاسا لەنێو دەریاکان، ئەوە زانیاری کەسیی کۆبکاتەوە. دەسەڵاتەکان پشتیوانی لەلایەن بەرپرسەکان دەکەن لە سەپاندنی یاسا پەیوەندارەکان بە یاسا دەریاییەکانی ئوسترالیاشەوە، هەروەها بەوانەشەوە کە پەیوندارن بە ماسیگرە بێگانە ناشەرعییەکان و گومرگ و پرسی دژە-تیرۆر لەنێو دەریاکانو کارواری کۆچبەرییو هێنانوبردنی مادە بێهۆشکەرەکانو پاکڕاگرتن (quarantine)، هەروەها ڕێوشوێنو ڕێنمایە نێودەوڵەتییە دەریاییەکان.

## کارنامەی نهێنیپارێزی

کارنامەی نهێنیپارێزی ڕێگەدەدات بە کۆکردنەوەی:

- زانیاری هەستیار، ئەوانەی کە بەپێی یاسا ڕێگەپێدراوە، یان ئەوانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان ڕێگەپێدراوە، یان ئەوانەی کە لەلایەن تۆوە ڕەزامەندیان لەسەر دەدرێت
- ئەو زانیارییە کەسییانەی کە تاڕادەیەک پێویستن یان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەیە بە یەکێک یان چەند کارو وەزیفەیەکی وەزارەت.

## ئەو کارنامانەی کە وەزارت دەکات بە دامەزراوەیەکی یاساسەپێن

وەزارەت دامەزراوەیەکی یاساسەپێنە بۆ هەندێک مەبەست و ئامانجی دیاریکراو بەپێی ئەم کارنامانە: *Crimes Act 1914, Criminal Code Act 1995*, *Australian Nuclear Science and Technology Organisation Act 1987*, and the *Independent National Security Legislation Monitor Act 2010* (کارنامەی تاوانەکان ١٩١٤، کارنامەی کۆدی تاوان ١٩٩٥، کارنامەی ڕێکخراوی زانستو تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی لە ئوستراليا ١٩٨٧ [کارنامەی ANSTO]) و کارنامەی چاودێری سەربەخۆی یاسای ئاسایشی نیشتیمانیی ٢٠١٠، هەروەها دەکرێت زانیاری کەسیی کۆبکاتەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانی بەپێی ئەو کارنامانە.

## ئەو مەبەستانەی کە زانیارییە کەسییەکانی تۆی بۆ کۆدەکرێتەوە

مەبەستی سەرەکی لە کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییەکانی سەر تۆ جێبەجێکردنی کارو وەزیفەکانی وەزارەتە یان ئەو چالاکییانەی کە پەیوەندیان بە کۆچبەری و ناسنامەی تۆ و ڕەوت و جوڵەی کەلوپەل لە سنورەکانەوە هەیە. ئێمە ئەم پرۆگرامانە بەڕێوەدەبەین:

- ڤیزە و کۆچبەری
- گومرگ و میرانەکان/ڕسومات، بە بەڕێوەبردنی هەندێک یاسای ئوسترالی لەوانە یاساکانی باج و تەندروستی و پاکڕاگرتن (quarantine) و بازرگانی و تاوان و مافی خاوەنداریتی و یاساکانی پاراستنی کۆمەڵگە.
- پەنابەری و یارمەتیدانی ئینسانییانە
- بەڕێوەبردنی سنورەکان
- ڕێوشوێنەکانی ڤیزە و چارەسەرییەکانی حالەتی کۆچبەری
- سەنتەرەکانی گلدانەوەی کۆچبەری، لابردن و ڕەوانەکردن بۆ سەنتەرەکانی پرۆسێسکردن لە وڵاتانی دەوروبەر (بەوانەوەش کە خزمەتگوزاری پێشکەشدەکەن و ئەو دەسەڵاتە بێگانانەش کە یارمەتی پرۆسێسەکانی دەرەوەی سنورەکان دەدەن، وەک جێبەجێکارانی یاسا، هەروەها ئەو خزمەتگوزاریانەی کە یارمەتی لە بواری خێرخوازیو نیشتەجێوە پێشکەشدەکەن)
- ناسنامە .

ئەو زانیاریانە کە تۆ لە پەیوەند بە داخوازییەکانی ڤیزە و سپۆنسەرشیپ و بازرگانی و هاوردەکردنو هەناردن و پاکڕاگرتن (quarantine) یان ناسنامە پێشکەشی دەکەیت کە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت.

بەپێی کارنامەی نهێنیپارێزی، زانیارییەکان دەکرێن بۆ مەبەستی لاوەکیش بەکاربێن. بەگشتی، ئا لێرەدایە کە تۆ چاوەڕوانی ئەوە لە وەزارەت دەکەیت کە بەشێوەیەکی گونجاو زانیارییەکانت بەکاربێنێت یان بدات بەلایەنێکی دیکە جا چ پرسەکە پەیوەندی بە مەبەستە سەرەکییەکانەوە هەبێت (بۆ زانیارییە هەستیارەکان) یان پەیوەندی بە مەبەستە سەرەکییەکانەوە هەبێت (بۆ زانیارییە کەسییەکانی دیکە). بۆنموونە، ئەو زانیاریانەی کە تۆ دەیدەیت بۆ داخوازی ڤیزە لەوانەیە کەڵکی لێوەربگیردرێت بۆ داخوازییەکی دیکە کە دواتر تۆ پێشکەشی دەکەیت (بەوانەوەش کە دەکەونە ژێر سایەی *Freedom of Information Act 1982* (کارنامەی بەدەستهێنانی زانیاری) و کارنامەی نهێنیپارێزیی). لەوەش زیاتر، لەوانەیە ئێمە ناونیشانە ئەلکترۆنییەکانت بەکاربێنین کە تۆ داوتە بە ئێمە تاوەکو پەیوەندیت پێوەبکەین لە پەیوەند بە پرسەکانی کۆچبەری.

## ئەنجامەکانی ئەوەی ئەگەر زانیارییە کەسییەکانت کۆنەکرانەوە لەلایەن وەزارەتەوە

ئەگەر زانیارییە کەسییەکانی سەر تۆ کۆنەکرانەوە، ئەوە وەزارەت لەوانەیە پرۆسەی داخوازییەکانی تۆ بۆ ڤیزە و ناسنامە بەڕێوەنەبات (هاوکات ئەگەر پەیوەنداربوو) خزمەتگوزاریو یارمەتییەکانی بازرگانی و هاوردەکردن و هەناردەکردن و پاکڕاگرتن پێشکەشنەکات بە تۆ.

شکستهێنان لە دان و کۆکردنەوەی زانیارییەکانی سەر تۆ لەوانەیە وا لە وەزارەت بکات کە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نەبێت (بەتایبەتی لە پەیوەند بە پابەندبوون) بەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆی، ئەو مەرج لەگەڵ بەڵێنانەی کە دامودەزگا نێونەتەوەییەکان خستویانەتە سەرشانی ئوستراليا.

## دان ئاساییانەی زانیارییە کەسییەکانی تۆ بە لایەنێکی دیکە

### دانی زانیارییەکان بە نوێنەرێکی دەستنیشانکراو

کاتێک کە تۆ کەسێک دەستنیشاندەکەیت، بۆنمونە ئەندامێکی خێزانەکەتان، وەکیلێکی/پارێزەرێکی کۆچبەری، وەکیلێکی گومرگ، وەکیلێکی گەشتوگوزار یان هێڵێکی ئاسمانی، ئۆمبەدسمان، ئەندام پەرلەمانێک، یان پارێزەرێک کە نوێنەرایەتی تۆ بکات، ئەوە ئەوکات زانیارییە کەسییەکانی تۆ لەوانەیە بدرێت بەو لایەنەی کە دەستنیشانکردوە مەگەر خۆت داواتکردبێت کە ئەو کارە نەکەین.

زانیارییە کەسییەکانی تۆ دەکرێت بدرێن بە کەسێک کە سپۆنسەری تۆی کردوە یان سپۆنسەرەکەت.

### دانی ئاساییانەی زانیارییەکان بە دامودەزگا حکومییەکان

وەزارەت، لە هەندێک حالەتدا، ڕێگەپێدراوە، یان بەپێی کارنامەی هێزەکانی سنور یان یاساو ڕێساکانی دیکە دەتوانێت، کە زانیارییە کەسییەکان بدات بە دامودەزگا حکومییەکانی دیکە، وەک بەمەبەستی جێبەجێکردنی کارو چالاکی و وەزیفەکانی خۆیان، یان بۆ ڕێگەدان یان یارمەتیدانی دامەزراوەکانی دیکە تاوەکو بە ئەرکەکانی خۆیان هەستن. بۆنمونە، دانی زانیارییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی تۆ، پشتڕاستکردنەوەی ڕەسەنییەتی ئەو دۆکیومێنتانەی کە تۆ نیشانی ئێمەت داوە، بەراوردکردنی داتاکان لەگەڵ یەکدی، یان بۆ مەبەستی پابەندبوون لەگەڵ ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆمان.

ئەو دامودەزگا حکومییانەی کە ئێمە زانیارییان لەگەڵدا دەگۆڕینەوە ئەمانەن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە تەنیا ئەمانەبن:

- وەزارەتی کاروبارە مرۆییەکان (DHS)، ئەم کارنامانە بەڕێوەدەبات: *Social Security Act 1991* (کارنامەی بیمەی کۆمەڵایەتی ١٩٩١) و *Child Support (Assessment) Act 1989* (کارنامەی پشتیوانی لە منداڵ (هەڵسەنگاند) ١٩٨٩) و *Child Support (Registration and Collection) Act 1988* (کارنامەی پشتیوانی لە منداڵ (تۆمارکردن و کۆکردنەوە) ١٩٨٨)
- وەزارەتی پیشەسازی ونوێژەنکردن و زانست Industry, Innovation and Science
- وەزارەتی کشتوکاڵ، سیستەمی ئاسایشی بایۆلۆجی ئوسترالیی بەڕێوەدەبات لەگەڵ ئیدارەدانی *Quarantine Act 1908* (کارنامەی پاکڕاگرتن ١٩٠٨) و *Export Control Act 1982* (کارنامەی کۆنترۆڵی هەناردەکردن ١٩٨٢) و *Imported Food Control Act 1992* (کارنامەی هاوردەکردنی خواردن ١٩٩٢)
- ئیدارەدانی کەلوپەلی چارەسەریی
- دەستەی پشتیوانی منداڵان
- Australian Sports Anti-Doping Authority (فەرمانگەی دژە-مادده چالاکەرەکان لە ئوستراليا) کاروبارە پەیوەندارەکان بە بەڕێوەبردنی National Anti-Doping Scheme (بەرنامەی نیشتیمانیی دژە-مادده چالاکەرەکان) بەڕێوەدەبات
- وەزارەتی پەروەردە، بۆ بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی *Education Services for Overseas Students Act 2000* (خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە بۆ خوێندکارانی دەرەوە کارنامەی ٢٠٠٠)

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2020

## دانی ڕێگەپێدراوی زانیارییە کەسییەکان

'ناسینەوەی کەسیی' لە لاپەڕە ١ پێناسکراوە.

بەپێی بەشی 4A لە کارنامەی کۆچبەری و s43 لە کارنامەی ناسنامە، وەزارەت ڕێگەپێدراوە کە دۆکیومێنتەکانی ناسینەوەی کەسیی لە چەندین حاڵەتدا بداتە لایەنی دیکە، لەوانە:

- بۆ پشتڕاستکردنەوەی حاڵەتی ناسنامە و ڤیزە
- بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی تاوان
- بۆ گۆڕینەوەی زانیارییەکانی ناسینەوەی کەسێک بەگوێرەی پێکهاتن لەگەڵ دامودەزگا حکومییە ئوسترالییەکان
- بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری گونجاو بۆ دادگا، ترایبونیال یان دەزگایەکی لێکۆڵینەوە
- لەو شوێنانەی کە بەپێی یاساکانی ئوسترالیا پێویست بکات.

بەپێی کارنامەی ناسنامە، وەزارەت دەسەڵاتی هەیە کە دۆکیومێنتەکانی ناسینەوەی کەسیی بدات بە لایەنێکی دیکە لە پەیوەند بە پرسەکانی ناسنامە و ڕێنماییەکانی کۆچبەری.

بەشی 4A لە کارنامەی ناسنامە دەسەڵات دەدات بە وەزارەت بە دانی زانیارییەکانی کەسیی (بە دۆکیومێنتەکانی ناسینەوەی کەسیش) لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

- بەراوردکردنی داتاکان بۆ:
  - دەستنیشانکردنی، یان پشتڕاستکردنەوەی شوناسی کەسێک
  - کارئاسانی لە پرۆسەی هاتنەناوەوەی یان دەرچوونی کەسەکان لە ئوسترالیا
  - دەستنیشانکردنی ئەو کەسە نا-هاوڵاتییانەی کە مێژوویەکی تاوانیان هەیە، ئەوانەش کە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان جێگەی نیگەرانین یان ئەوانەی کە جێگەی نیگەرانین لە پەیوەند بە پرسی ئاسایشی نیشتیمانیی
  - بەگژاچوونەوەی تەزویر لە ناسنامەکان لە پرسەکانی کۆچبەری
  - یارمەتیدان لە پرۆسەی وەرگرتنی ڤیزەی پاراستن (protection visa)
- بۆ ناسینەوەی یان دەستنیشانکردنی شوێنی کەسێک (تەماشای بڕگەی 33FA و 33FC لە کارنامەی کۆچبەری بکە)
- بۆ پەسەندکردنت دامودەزگا لێکۆڵەرەوەکان وەک نوسینگەی نیشتیمانیی وردبوونەوە لە ئوسترالیا یان کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ئوسترالیا
- بۆ پێکهاتن لەگەڵ حکومەتە بیانییەکان لەسەر وەدەرنانی کەسێک لە ئوسترالیا یان تەسلیمکردنەوەی کەسێک بە ئوسترلیا یان تەسلیمکردنەوە لەلایەن ئوسترالیاوە
- بۆ دەستەبەرکردنی زانیارییەکان بۆ حکومەتێکی بیانی دیاریکراو، یان دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاساو کۆنترۆڵکردنی سنورەکان لە حکومەتە بیانییەکان، یان ڕێکخراوێکی دیاریکراوی نێونەتەوەیی لە پەیوەند بە بەڕێوەبردنی پرسەکانی کۆچبەری (تەماشای بڕگەی 5A(3) لە کارنامەی کۆچبەری بکە)
- بۆ بەدەستهێنانی یان دانی یارمەتی لە پەیوەند بە کێشەکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دۆکیۆمێنتەکانی ناسینەوەی کەسیی تەماشای فۆرمی 1243i بکە.

لە پەیوەند بە ڤیزەی کرێکار، وەزارەت بەهەمانشێوە ڕێگەپێدراوە کە هەندێک زانیاری کەسیی بدات بە سپۆنسەرەکان یان هەڵگرانی ڤیزە بۆ هەڵگرانی هەمان ڤیزە یان سپۆنسەرەکەی (تەماشای بڕگەی 140ZH لە کارنامەی کۆچبەری و ڕێنماییەکانی ٢.١٠٣، ٢.١٠٤ و ٢.١٠٥ بکە).

وەزارەت ڕێگەپێدراوە کە زانیارییە کەسییەکان ئاشکرا بکا بە گوێرەی زانیاری کۆچکبەری و سنوور پاراستن(تەماشای بەشی ٤(١) لە مادەی هێزە سنووریەکان بکە) Immigration and Border Protection information (see section 4(1) of the Border Force Act)، لە هەندێک حاڵەتی دیاریکراو بدات بە لایەنێکی دیکە، ئەمەش بەپێی بەشی ٦ لە کارنامەی هێزەکانی سنور. لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیش، کارنامەی هێزەکانی سنور ڕێگەدەدات بە دانی زانیاری بەم یەکەو دامەزراوانە:

- دامودەزگاو دامەزراوەو فەرمانگەکانی حکومەتی فێدڕاڵیو حکومەتەکانی ویلایەتەکانو هەرێمەکان
- پۆلیسی فێدڕاڵی ئوسترالی (AFP) یان هێزەکانی پۆلیس یان فەرمانگەیەکی ویلاتەکان یان هەرێمەکان
- پزیشکی داد (coroner)
- وەزارەتی کار، شارەزایی، بزنزی بچووک و خانەوادەیی Employment, Skills, Small and Family Business بۆ بەراوردکردنی زانیارییەکان لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی کارپەیداکردن
- وەزارەتی کاروباری شەڕوانە کۆنەکان، بۆ بەڕێوەبردنی *Veterans' Entitlements Act 1986* (کارنامەی مەرجەکانی شەڕوانە کۆنەکان ١٩٨٦)
- نوسینگەی باجی ئوسترالی (ATO)، بۆ بەڕێوەبردنی *Income Tax Assessment Act 1997* (کارنامەی هەڵسەنگاندنی باجی داهات) و یاساو ڕێساکانی دیکەی باج
- Fair Work Ombudsman (FWO) (ئۆمبەدسمانی کاری ڕەوا)، کاروبارە پەیوەندارەکان بە *Fair Work Act 2009* (کارنامەی ئۆمبەدسمانی کاری ڕەوا ٢٠٠٩) بەڕێوەدەبات
- وەزارەتی کاروباری دەرەوە و بازرگانی (DFAT)، بۆ بەڕێوەبردنی *Australian Passport Act 2005* (کارنامەی پاسپۆرتی ئوسترالی ٢٠٠٥) هەروەها بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر وڵاتی لێوەهاتو بۆ پرسی پرۆسەکردنی ڤیزەی پاراستن (protection visa) و هەر کارێکی پەیوەندار بە پاسپۆرت کە لەوانەیە تۆ مافی وەرگرتنت هەبێت وەک ناسنامەی (جنسیەی) دوو وڵات
- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی ئوسترالی، بۆ بەڕێوەبردنی *Commonwealth Electoral Act 1918* (کارنامەی هەڵبژاردنی کۆمنوێلس ١٩١٨).

### دامودەزگاکانی پێداچوونەوە و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە

ئەگەر تۆ داخوازییەک پێشکەشبکەیت بۆ زانینی هۆکارەکان (merits) یان پێداچوونەوەیەکی دادگایی بۆ بڕیارێک، ئەوە وەزارەت زانیارییە کەسییە پەیوەندارەکان دەدات بەو ترایبوناڵە یان دادگایەی کە پێداچوونەوەکە ئەنجامدەدات.

ئێمە زانیارییەکان لەگەڵ ئەم دامودەزگایانەی لێکۆڵینەوە دەگۆڕینەوە:

- ئۆمبەدسمانی کۆمنوێلس (Commonwealth Ombudsman)
- نوسینگەی کۆمسیۆنی زانیارییەکان لە ئوسترالیا (Office of the Australian Information Commissioner)
- دەزگای وردبوونەوەی نیشتیمانیی لە ئوسترالیا (Australian National Audit Office)
- کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ئوسترالیا
- ئۆمبەدسمانی کاری یەکسانانە (Fair Work Ombudsman).

### فریاکەوتن و جێبەجێکردنی یاساکان

زانیارییە کەسییەکانو لەوانەیە بدرێتە دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا لە ئوسترالیا یان خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتن لە حاڵەتی ڕوداوێکی فریاکەوتن، ئازارخواردنێکی ترسناک یان مردن.

وەزارەت زانیارییەکانی تۆ دەدات بە دامودەزگا ئوسترالییەکان (فێدراڵیو ویلایەتەکانو هەرێمەکان) و بیانییەکانی جێبەجێکردنو سەپاندنی یاسا یان بۆ چالاکیو کردارێکی پەیوەندار بە سەپاندنی یاسا، لەوانە: ڕێگریکردنو دەستنیشانکردنو لێکۆڵینەوەو دان بەدادگاو سزادان لەبەرابەر کردەیەکی تاوانکاری.

## پرۆگرامەکانی پشتیوانی

ئەو زانیاریانەی کە لە پرۆسێسی دانی ڤیزە بە تۆ کۆکراونەتەوە لەوانەیە بدرێن بە:

- وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی لە نیشتەجێبوونت
- وەزارەتی پیشەسازی، نوێژەنکردن و زانست Industry, Innovation and Science بۆ کارئاسانی و چاودێریکردنی ڕاهێنان و فێربوونی زمانی ئینگلیزی

## دانی زانیاری بە بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەت

ئەگەر تۆ لە ئوسترالیا داخوازییەک بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شوفێری پێشکەشبکەیت، ئەوە وەزارەت لەوانەیە زانیارییە پەیوەندارەکان لە پەیوەند بە حاڵەتی کۆچبەری و مافەکانی کارکردنت بداتە دەسەڵاتدارە پەیوەندارەکان، لە هەندێک حاڵەتیشدا زانیاری لەسەر ئەوەی داخۆ ناسنامەی ئوسترالیت وەرگرتوە یان نا بدات بە لایەنە پەیوەندارەکان. ئەو زانیاریانە بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی داخۆ تۆ شایستەی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت یان نا. لەوانەشە هەندێکجار زانیارییەکی دیاریکراو بدرێت بە لایەنێک ئەگەر تۆ داوای مۆڵەتێکی دیاریکراو بکەیت، ئەویش بەپێی کارنامەی گومرگ.


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2020

- نوسینگەکانی دادی حکومەتی فیدڕاڵیو حکومەتەکانی ویلایەتەکانو هەرێمەکان (وەک: ئۆمبەدسمان)
- ئەو لایەن و خەڵکانەی کە لەلایەن هێزەکانی سنوری ئوسترالی Secrecy and Disclosure (نهێنی و دانی زانیاری) دەستنیشانکراون بەپێی یاسای ٢٠١٥، وەک ڕێکخراوی خاچی سوری ئوسترالیی
- وڵاتیکی بیانی یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە گشییەکان.

سەرەڕای ئەمە، بەئیزافەی پێویستییە تایبەتییەکان کە لە بەشی ٦ لە کارنامەی هێزەکانی سنور دیاریکراون، دانی زانیاریە کەسییەکان بەپێی کارنامەی هێزەکانی سنور تەنیا بە یەکێک لەو لایەنانە ڕێگەپیدراوە، ئەویش ئەگەرهاتو بۆ یەکێک یان زیاتر لە یەکێک بوو لە 'ئامانجە ڕێگەپێدراوەکان' (permitted purposes) کە ڕیزبەندکراون لە کارنامەی هێزەکانی سنور. نمونەکان ئەم حالەتانە دەگرنەخۆ کە دانی زانیاری بۆ یەکێک لەو مەبەستانە بێت:

- بەڕێوەبردن و سەپاندنی یاساکانی تاوان یان یاسایەک کە پەیوەست بێت بە بازرگانی
- یارمەتیدانی لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی داد، لێکۆڵینەوە یان بەدواداچوون
- پاراستنی تەندروستی گشتیی، یان ژیانو سەلامەتی هاوڵاتیان کە لە یەک کەس زیاتر بێت
- کۆکردنەوە یان پشتڕاستکردنەوەی ئامارەکان بەپێی *Census and Statistics Act 1905* (کارنامەی سەرژمێریو ئامارەکان) یان *Australian Bureau of Statistics Act 1975* (کارنامەی مەکتەبی ئامارەکان لە ئوسترالیا ١٩٧٥)
- پاراستنی داهاتی گشتیی
- ناسینەوەی کەسێک یان پشتڕاستکردنەوەی حالەتی هاوڵاتیبوونی یان ڤیزەی
- ڕادەی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشدەکرێن بە کەسێک کە هاوڵاتی ئوسترالیی نییە
- بەڕێوەبردنو سەپاندنی بەرنامەی نیشتیمانیی دژە-ماددە چالاکەرەکان
- پرسێکی پەیوەندار بە کۆچبەریی، پاکڕاگرتن یان کۆنترۆڵکردنی سنورەکان لەنێوان ئوسترالیاو وڵاتە بیانییەکان
- ئەو پرسانەی کە دەکەونە ژێر ژمارەیەک لە یاساکان وەک Customs Act, Migration Act, Maritime Powers Act, Citizenship Act, IGOC Act (کارنامەی گومرگ، کارنامەی کۆچبەری، کارنامەی دەسەڵاتە دەریاییەکان، کارنامەی ناسنامە، کارنامەی IGOC، هتد)
- پرسێکی پەیوەندار بە بەرگری و ئاسایشی نیشتیمانیی.

وەزارەت ڕێگەپێدراوە بە دانی زانیارییە کەسییە پارێزراوەکان ئەگەر کەسەکە ڕەزامەندی لەسەر دانی زانیارییەکان دابێت، دانی زانیارییەکانیش پێویست بن بۆ ڕێگریکردن یان کەمکردنەوەی هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ژیانو تەندروستی کەسێک یان ئەوەتا زانیارییەکان پێشتر بەشێوەیەکی یاساییانە کەوتبێتە دەست خەڵک.

بڕگەی ٥١ لە کارنامەی هێزەکانی سنور دەڵێت کە دانی زانیارییەکان بەپێی چەند بەندێکی دیاریکراو لە بەشی ٦ لە کارنامەکە وا ڕەچاودەکات کە وەک ئەوە وابێت کە دانی زانیاری ڕێگەپێدراوە بەپێی کارنامەکە بۆ مەبەستەکانی کارنامەی نهێنیپارێزیی.

بەئیزافەی ئەوانە، دانی زانیاری لە سەر کۆچبەری و پاراستنی سنوور بەپێی مادەی Immigration and Border Protection هێزەکانی سنور ڕێگەپێدراوە ئەگەرهاتو لەڕێگەی کەسێکی باوەڕپێکراو لەلایەن خاوەنکارەکە یان خزمەتێک کە پێشکەش بە وەزارەت بکرێت. لەحالەتێکی وەهادا وەزارەت زەمانەتی ئەوە دەکات کە دانی زانیارییەکان بەپێی مەرجەکانی کارنامەی نهێنیپاریزیین.

وەزارەت ڕێگەپێدراوە کە زانیارییە کەسییەکان، کە وەک زانیاری پارێزراو ناسراوەن، لە هەندێک حالەتی تایبەتدا کە پەیوەندیان بە سەپاندنی یاساکانی گومرگەوە هەیە وەک کارنامەی گومرگو ڕێنماییەکان بدات بە لایەنێکی دیکە.

## دانی زانیارییەکان لەسەر تۆمارەکانی گەڕان

تۆمارەکانی گەیشتن و دەرچوون بۆ ئەو کەسانەی دێن یان دەردەچن لە ئوسترالیا لە داتابەیزی تۆمارەکانی گەڕان یاداشتدەکرێن. زانیارییە تۆمارکراوەکان لەوانەیە بدرێن بە لایەنێک بۆ یەکێک لەو مەبەستانە:

- کارنامەی کۆچبەری
- *Family Law Act 1975* (کارنامەی یاساکانی خێزان ١٩٧٥)
- یاساکانی گومرگ و میرانەکان/ڕسومات
- یاساکانی تەندروستی و پاکڕاگرتن

- جێبەجێکردنی یاسا
- *Education Services for Overseas Students Act 2000* (کارنامەی خزمەتگوزارییەکانی منداڵانی دەرەوەی وڵات ٢٠٠٠)
- ڕێنماییە پەسەندکراوەکانی کۆمنوێلس و ویلایەتەکان و هەرێمەکان، وەک بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی خاوەندارێتی یەکەمین خانو (first home owners) یان پرۆگرامەکانی منداڵان و خێرخوازی.

## دانی زانیاری بەلایەنی دیکە بەمەبەستی سەپاندنی یاسا و پرسە پەیوەندارەکان

بەگشتی دانی زانیاری بەلایەنەکانی دیکە بەمەبەستی سەپاندنی یاسا و پرسە پەیوەندارەکان لەلایەن وەزارەتەوە (بۆ سەپاندنی چالاکییەکان بەپێی کارنامەی کۆچبەری و ناسنامە هەروەها سەپاندنی چالاکییەکان یان دامەزراوە یاساپێنەکانی دیکە) ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا، ئەوانەی ئوسترالیا و دەرەوەی ئوسترالیا بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و پێوانەی مەرجەکانی ڕەفتارو هەڵسوکەوت
- دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاساو دەزگا هەواڵگرییەکانی ئوسترالیا یان کۆمسیۆنەکان، خزمەتگوزارییە گشتییەکانی پۆلیسی نیشتیمانیی، ئینتەرپۆل، سەنتەری ئامانجی سنورە نیشتیمانییەکان (National Border Targeting Centre)، کرایم تراک CrimTrac، ئۆزتراک AusTRAC، کۆمیسیۆنی کارڕێکخستن، کۆمسیۆنەکانی بەدواداچوون لە پەرلەمان، ترابیونالە نێونەتەوەییەکان، لەگەڵ نوسینگەکانی کۆچبەری لە دەرەوەی وڵات، ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە تەزویر لە پرسەکانی کۆچبەری و پرسەکانی ئاسایشی نیشتیمانیی یان گومانلێکراوەکان لە تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی دەکەن
- کۆمسیۆنی ئوسترالی بۆ سەپاندننی یاسای دەستپاکی *Law Enforcement Integrity Commissioner Act 2006* (کارنامەی کۆمسیۆنی سەپاندنی دەستپاکی ٢٠٠٦) بەڕێوەدەباتو جێبەجێدەکات
- ATO و DHS و سێنتەرلینک و دامودەزگاکانی حکومەتی فیدرالی و ویلایەتەکان و هەرێمەکان بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەو کەسانەی کە مەرجەکانی ڤیزەی
- AFP و هێزەکانی پۆلیسی ئوسترالی بۆ دیاریکردنی شوێنی کەسە نا-هاوڵاتییە نایاساییەکان
- بەڕێوەبەرایەتی دادوەری گشتی لەو داوایانەی کە پەیوەندیان بە کەتنەکانی کۆچبەری و ناسنامەوە هەیە
- حکومەتە بیانییەکان بۆ دوورخستنەوەی کەسە نا-هاوڵاتییە نایاساییەکان
- FWO، پەیمانگا پەروەردەییە باوەڕپێکراوەکان، خاوەنکارەکان، کەسە سپۆنسەرکراوەکان، سپۆنسەرەکان و پێشکەشکەرانی دەستی کار بۆ چاودێریکردن و پابەندبوون بە مەرجەکانی ڤیزەو کەفالەتکردن لەگەڵ ئاگادارکردنەوە لە بوونی داسەپاندنی سزا
- دامەزراوە یاساپێنەکان بە AFP یشەوە، ئەویش لەپەیوەند بە زانیارییە کەسییەکان بۆ ئەوانەی کە داوای ڤیزە دەکەن یان ئەوانەی کەسێک پێشنیازدەکەن لەژێر بەرنامەی پەنابەری و ئینسانی (Refugee and Humanitarian programme)، کە بەمەبەستی سەپاندنی یاسا یان پرسە پەیوەندارەکان بە ئاسایشی نیشتیمانییەوەن.

## دانی زانیاری لەلایەن وەزارەتەوە وەک دامەزراوەیەکی یاساسەپێن

وەزارەت دامەزراوەیەکی یاساسەپێنە بۆ هەندێک مەبەست و ئامانجی دیاریکراو بەپێی ئەم کارنامانە: *Crimes Act 1914, Criminal Code Act 1995*, *Australian Nuclear Science and Technology Organisation Act 1987*, and the *Independent National Security Legislation Monitor Act 2010* (کارنامەی تاوانەکان ١٩١٤، کارنامەی کۆدی تاوان ١٩٩٥، کارنامەی ڕێکخراوی زانستو تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی لە ئوسترالیا ١٩٨٧ [کارنامەی ANSTO]) و کارنامەی چاودێری سەربەخۆی یاسای ئاسایشی نیشتیمانیی ٢٠١٠، هەروەها دەکرێت زانیاری کەسیی کۆبکاتەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانی بەپێی ئەو کارنامانە.

## دانی زانیاریی دیکە لە پەیوەند بە پرۆگرامەکانی بەڕێوەبردنەوە

### زەمانەتی پشتیوانیکردن

ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندیان بەو کەسانەوە هەیە کە زەمانەتی پشتیوانی (Assurance of Support) پێشکەش بە کەسێک دەکەن دەنێردرێت بۆ سێنتەرلینک بە مەبەستی کارئاسانیکردن بۆ دەرچوون لە مەرجەکانی زەمانەتەکە و دەستنیشانکردن و وەرگرتنەوەی ئەو قەردانەی کە دێنەپێش.

### کارپەیداکردن، پەیداکارانی دەستیکار و تواناکانی کار

وەزارەت لەوانەیە زانیارییەکانی سەر تۆ لە پەیوەند بە حاڵەتی کۆچبەری و مافەکانی کارکردن لەگەڵ جۆرو ماوەی ڤیزەکەشت بدات بە خاوەنکارەکان و پەیداکارانی دەستیکار (labour suppliers) و ئەولایەنانەی دیکە کە خزمەتگوزارییەکانی تۆ بەکاردێنن لە میانی پێکهاتنەکانی پەیداکارانی دەستیکار. بۆنموونە، کاتێک کە تۆ داوای کارێک دەکەیت، ئەوە وەزارەت لەوانەیە زانیاری لەسەر مافەکانی کارکردنت بدات بە خاوەنکارەکە یان پەیداکارەکەی دەستیکار.

لەوانەیە وەزارەت زانیارییەکانی سەر تۆ بدات بە دامودەزگاکانی گەشەی ئابوری، ئەوانەی کە یارمەتی کۆچبەرە تواناداکانی کار (business skills) دەکەن بۆ دەستراگەیشتن بە خزمەتگوزاریی حکومی زانیارییەکانی کار.

### ڕاهێنان و پەروەردە

زانیارییە کەسییەکان لەوانەیە بدرێن بە:

- DFAT و وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەتی پەروەردە بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی کە بەدوای ڕاهێناندا دەگەڕێن یان دەیانەوێت لە ئوسترالیا بخوێنن
- وەزارەتی کار لەسەریەتی کە کاریگەرییەکانی پرۆپۆزالی پێکهاتنەکانی شوێنی کار لەسەر بازاڕی کار لە ئوسترالیا دیاریبکات
- وەزارەتی پەروەردەو نوێنەرەکانی، ئەوانەی کە ڕێگەیانپێدراوە کە بڕوانامەکانی دەرەوە هەڵسەنگێنن بۆ چەند جۆرێک لە ڤیزە
- پەیمانگا پەروەردەییەکان کە وانەی زمانی ئینگلیزی پێشکەشدەکەن لەژێر پرۆگرامی ئینگلیزی بۆ کۆچبەرە گەورەساڵەکان
- دامودەزگا حکومییەکان بەمەبەستی ڕێکخستنی پێشکەشکارە پەروەردەییەکان.

### تەندروستی

زانیارییە تەندروستییەکانی سەر تۆ و ئەندامانی خێزانەکەت وەک چۆن بۆ پرسی ڤیزەکەت هەڵسەنگێندران لەوانەیە بدرێن بە دامودەزگا تەندروستییە حکومییەکان و پێشکەشکەرانی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بۆ یارمەتیدان لە دیاریکردنی ئەوەی داخۆ مەرجەکانی تەندروستی لە ئێوەدا هەیە یان نا تاوەکو بتوانن ڤیزە وەربگرن، یان بۆ ئەوەی داخۆ دەکرێت مەرجەکانی تەندروستی وەلابنرێن یان بۆ بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی تەندروستی گشتی.

### بەرنامەی هاتنی پەنابەران و پرۆگرامی ئینسانی و پارستنی ڕۆخی دەریا

وەزارەت لەوانەیە زانیارییە کەسییەکانی ئەو کەسانەی کە لەژێر پرۆگرامی پەنابەران و بەرنامە ئینسانییەکان دێن بۆ ئوسترالیاو زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی کە زەمانەتیانکردون بگۆڕێتەوە لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە کۆنتراکتیان لەگەڵ بەستراوە بەپێی بەرنامەی خزمەتگوزاری نیشتەجێکردنی پەنابەرە ئینسانییەکان.

وەزارەت لەوانەیە زانیارییە کەسییەکانی ئەو کەسانەی کە داوای پەنابەری دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە داخوازی پارستنیان پێشکەشکردوە یان ئەوانەی داوای ڤیزەی ئینسانیان کردوە بگۆڕێتەوە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی شوناس و داخوازییە ئینسانییەکان و پارێزگاریکردن.

وەزارەت لەوانەیە زانیارییە کەسییەکان بدات بە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کۆچبەران (IOM) بۆ یارمەتیدانیان لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانیان.

### گلدانەوە

وەزارەت لەوانەیە زانیارییە کەسییەکان لەسەر کەسە گلدراوەکان (detainees) بدات بە:

- دامودەزگا خێرخوازییەکان لە ویلایەتەکان و هەرێمەکان لە پەیوەند بە دابینکردنی جێگاوڕێگایەک لە دەرەوەی سەنتەرەکانی گلدانەوە، یان چاودێریکردنی هەرزەکارە بێ کەسوکارەکان یان ڕێوشوێن دیاریکردن بۆ ئەو کەسانەی کە کەمتوانایی دەرونی یان جەستەییان هەیە
- خزمەتگوزارییەکانی چاکردنەوەو ئامادەکردنەوە لە ویلایەتەکان و هەرێمەکان بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەو پشتڕاستکردنەوەی حاڵەتی کۆچبەران
- پێشکەشکەرانی خزمەتگوزاری پرۆسێسکردن لە دەرەوەی سنورەکان بۆ پشتیوانیکردن لە گواستنەوە
- قوتابخانەکان و فەرمانبەرانی پزیشکی و تەندروستی و پێشکەشکەرانی خزمەتگوزارییە خێرخوازییەکان، یان ڕاوێژکارانی کۆچبەری ئەوانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە تۆ دەکەن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئەگەرانەی لە پێش تۆ دان بۆ یارمەتیدانی تۆ یان خێزانەکەت بۆ دەرچوون.

### خێرخوازی و پارێزگاریکردنی منداڵان

زانیارییە کەسییەکانی منداڵان، یان دایکانوباوکانی/ سەرپەرشتیارانی/ چاودێریکارانی منداڵان لەوانەیە بدرێن بە دامودەزگا خێرخوازی و پارێزگاریکردنەکان لە منداڵان، هەروەها بدرێن بە دامودەزگا خێرخوازییەکانی ویلایەتەکان و هەرێمەکان، لەگەڵ پۆلیسی ویلایەتەکان و هەرێمەکان هەروەها دامودەزگا حکومییە ئوسترالییە پەیوەندارەکان، هەمووی بە مەبەستی:

- ڕێکخستن و چاودێریکردنی ئاگاداربوون و ڕێکخستنی کارە خێرخوازییەکان لە سەنتەرەکانی گلدانەوەی کۆچبەری لەناو کۆمەڵگەدا
- لێکۆڵینەوە لە ئەگەرەکانی ئازاردان و پشتگوێخستن
- کارئاسانی بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەفەرو دۆکیومێنتەکان.

زانیاری لەسەر ئەو منداڵانەی کە وەک تەبەنیکراو دەگەنە ئوسترالیا لەوانەیە بدرێت بە ڕێکخراوە خێرخوازەکانی ویلایەتەکان و هەرێمەکان، هەروەها فەرمانگەی مەرکەزی تەبەنیکردن لە ئوسترالیا (Australia's Central Adoption Authorities) و تەبەنیکردن لەناوخۆی وڵات لە ئوسترالیا (Intercountry Adoption Australia).

### زانیاری بۆ سەفارەتەکان، کۆمسیۆنە باڵاکان، کونسڵخانەکان بۆ بەدەستهێنانی دۆکیومێنتەکانی سەفەر

ئەگەر تۆ ڤیزەت پێدرا لەسەر بنەمای دەرچوون یان هیچ بنەمایەکی یاسایت نەبێت بۆ مانەوە لە ئوسترالیا ئەوە تۆ چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکرێت کە ئوسترالیا بەجێبهێڵیت. ئەگەر تۆ دۆکیومێنتێکی سەفەرکردنت نەبێت یان لە ماوەیەکی دیاریکراودا دۆکیومێنتی سەفەر بەدەستنەهێنیت، ئەوە وەک کارێکی ئاسایی وەزارەت هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی داوایەک لە جیاتی تۆ. ئەوەش ڕێگەخۆشدەکات بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەرچوونت.

وەزارەت تەنیا لانیکەمی ئەو زانیاریانە دەدات بە سەفارەتە، کۆمسیۆنە باڵاکە یان کونسڵخانە پەیوەندارەکە بۆ کارئاسانکردنی دەرهێنانی دۆکیومێنتەکانی سەفەر. زانیارییەکان لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە: ناوت و زانیارییەکانی سەر پاسپۆرتەکەت یان هەر ناسنامەیەکی دیکە لەگەڵ ناونیشانت.

### ناسنامە

وەزارەت لەوانەیە زانیارییە کەسییەکان، جگە لە دۆکیومێنتەکانی ناسینەوە، بدات بە:

- ئەنجومەنی شارەوانییەکان و چەند ڕێکخراوێکی دیکە بە مەبەستی میواندارییکردن و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکانی دانی ناسنامە
- نوسینگەی فەرمیی سێکرتارییەت بۆ حاکمی-گشتی (Governor-General) و وەزارەتی کابینەو سەرۆک وەزیران بە مەبەستی ڕەچاوکردنی داخوازییەکانی ڕێزلێنانو خەڵاتە ئوسترالییەکان
- ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان بە مەبەستی بەخێرهاتنکردن لەوانەی تازە وەک هەڵگرانی ناسنامەی ئوسترالی دێنە نێو کۆمەڵگەی ئوسترالییەوە.

### توێژینەوە لەسەر کۆچبەری

زانیارییە کەسییەکان لەوانەیە بەکاربێن بۆ دیاریکردنی ئامارو ژمارەی بەکاربەرانی ئێستا و پێشو. زانیارییە کەسییەکان لەوانەیە بدرێن بەو دامودەزگایانەی یان ئەو لایەنانەی کە کۆنتراکتیان لەگەڵ کراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکاریی بەمەبەستی دانان و گەشەپێدانی سیاسات و پرۆگرامەکان. کۆنتراکتەکان بەکارهێنانی زانیارییەکان سنورداردەکەن و لەسەریشان دەسەپێنن کە دوای تەواوبوونی توێژینەوەکان زانیارییەکان لەناوببەن. ئەو زانیاریانەی کە کۆکراونەتەوەو بەکارهاتون لە توێژینەوەکان پێش ئاشکراکردنیان دەبێت نەناسراوکرابن.

زانیارییە کەسییەکان لەوانەیە بدرێن بە دەستەی ئاماری ئوسترالی بۆ ئەنجامدان و کارئاسانکردنی توێژینەوە دیموگرافییەکان لەسەر تازەگەیشتوەکان و شرۆڤەکردنی پرۆگرامە جیاجیاکانی کۆچبەری و دەرئەنجامەکانی نیشتەجێبوون.

زانیاری لەسەر تازەگەیشتوەکان لەوانەیە بدرێت بە دامودەزگاکانی ویلایەتەکان و هەرێمەکان یان ڕێکخراوە خزمەتگوزارییەکانی کۆچبەری بۆ یارمەتیدانیان لە پلاندانان بۆ نیشتەجێبوون یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی نیشتەجێبوون.


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2020

## ڕێورەسمە نێونەتەوەییە گەورەکان

زانیارییە کەسییەکان لەوانەیە بدرێن بە دامودەزگا حکومییە ئوسترالییەکان، لەوانە دامودەزگاکانی ویلایەتەکان و هەرێمەکان، کە ڕۆڵی ڕێکخەر دەبین لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە نێونەتەوەییەکان، وەک: یاری و گەمە وەرزشییەکان، کۆبوونەوەی لوتکەی سەرۆک وڵاتەکان، گردبوونەوەو ڤیستیڤاڵە کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان.

وەزارەت لەوانەیە زانیارییە نا-هەستیارەکان بەکاربێنێت یان بدات بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ئوسترالییەکان و وڵاتانی دیکە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی تۆ.

## زانیاری لەسەر سیاسەتەکانی وەزارەت لە پەیوەند بە نهێنیپارێزی

سیاسەتەکانی وەزارەت لە پەیوەند بە نهێنیپارێزی لەسەر ماڵپەڕی وەزارەت لەم لینکەدا https://www.homeaffairs.gov.au/access-and-accountability/our-commitments/privacy

سیاسەتەکەی وەزارەت ئەم زانیارییانە لەخۆدەگرێت:

- چۆن تۆ دەستت بە زانیارییە کەسییەکانی خۆت ڕادەگات کە لەلایەن وەزارەتەوە هەڵگیراون لەگەڵ چۆنییەتی ڕاستکردنەوەیان
- چۆن دەتوانی سکاڵا بنوسی ئەگەر هاتو پێشێلکارییەک لەلایەن وەزارەتەوە ئەنجامدار لەگەڵ پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵاکەت.

## ناردنی زانیارییەکانی تۆ بۆ لایەنێک لە دەرەوەی وڵات

وەزارەت کۆنتراکتەری IT دەرەکی بەرکادێنێت بۆ گوستنەوەی زانیاری و حەمبارکردنی داتاکان، کۆنتراکتەری وا هەیە کە نوسینگەکەی لە دەرەوەی وڵاتدایە.

لە هەندێک حالەتدا ئێمە زانیارییە کەسییەکان دەدەین بە هەندێک لایەن لە دەرەوەی وڵات. بەگشتی ئەو لایەنە وڵاتەکەی تۆ دەبێت کە لێی نیشتەجێیت یان ئەو وڵاتەی کە لێیەوەهاتووی. (مەگەر تۆ داوایەکت بۆ پاراستنی خۆت بە دژی ئەو وڵاتانە پێشکەشکردبێتو چاوەڕوانی ئەوەش بکەیت کە هەڵسەنگاندنی داواکەت یەکلاییکرێتەوە). ئەمانە دانی زانیاریی بە وەکیلەکانی سەفەر یان هێڵە ئاسمانییەکان لە پەیوەند بە پرۆسەی سەفەرکردن لە پێش سەفەر لەگەڵ پرۆسەی ئەلکترۆنی ڤیزە دەگرنەوە.

هاوکات وەزارەت زانیاری دەگۆڕێتەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەو وڵاتانەی کە پێکهاتنی گۆڕینەوەی زانیارییان لەگەڵ ئوسترالیادا هەیە ئەمانەن بەڵام تەنیا ئەم وڵاتانە نین: وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا و نیوزیلاند. ئەم زانیاری گۆڕینەوانە لەوانەیە گۆڕینەوەی زانیارییە بایۆمێتریکەکانیش (ناسینەوەی کەسەکان) بگرێتەوە.

ئەگەر دۆکیومێنتێکی ناسینەوە وەک ئەوەی کە تۆ هەتە هەبوو، ئەوە وەزارەت لەوانەیە ئەم زانیارییانە بدات بە لایەنە پەیوەندارەکە، لەوانە: داتا بایۆگرافیکییەکان و کۆپی دۆکیومێنتەکانی سەفەر و ناسنامەکانی دیکەی تۆ یان زانیارییەکانی سەر دۆکیومێنتەکە لەگەڵ حالەتی کۆچبەریت و مێژووی کۆچبەریت (کە لەوانەیە تەزویرەکان و تاوانەکانی کۆچ لەخۆبگرێت) یان هەر زانیارییەکی دیکەی پەیوەندار.

مەبەست لەم جۆرە زانیاری ناردنانە پشتڕاستکردنەوەی شوناس و ناسنامەکانی تۆن بۆ دیاریکردنی ئەوەی داخۆ تۆ بەهەمان ناو بە داخوازییەکی هاوشێوە زانیارییەکانت پێشکەشکردوە بە هیچ دامودەزگایەکی دیکە.

ئەگەر تۆ داخوازیت پێشکەشکردبێت لەژێر بەرنامەی ئینسانی لە ڕۆخی دەریا یان داوای ڤیزەی پاراستنت کردبێت بە بنەما لەسەر کەیسێک لە دژی وڵاتێکی تایبەتی، ئەوە ئەو کات وەزارەت زانیارییە کەسییەکانی تۆ نادات بە حکومەتی ئەو وڵاتە، مەگەر تۆ لە ئوسترالیا بیت و:

- داواتکردبێت یان ڕازیبیت لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەو وڵاتە، یان
- وادەرکەوت کە تۆ کەسێکی کە ئوسترالیا قەرداری پابەندبوون بە پاراستنی تۆ نییە.

| | |
|---|---|
| ماڵپەڕ | www.homeaffairs.gov.au |
| تەلەفۆن بۆ پرسیاری گشتی | بۆ قسەکردن لەگەڵ ئۆپیرەتەر تەلەفۆن بکە بۆ **131 881** لەکاتی دەوامی فەرمی ئوسترالی (لە دەرەوەی کاتی دەوامی فەرمی تۆمارکردنی زانیاری دەستدەکەوێت). ئەگەر لە دەرەوەی ئوسترالیا بیت، تکایە پەیوەندی بە نزیکترین سەفارەتی ئوسترالییەوە بکە. |